# زمانی عەرەبی
# و
## چەند سەرنجێکی پێویست

نووسینی

إحسان برهان الدين

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين و السلام على خير الأنبياء و المرسلين سيدنا محمد و على آله وصحبه أجمعين إلى يوم الدين.

لەڕاستیدا زۆر دەمێك بوو حەزم دەكرد چەن سەرنجێك كە لە دڵ و دەروونمدا دەربارەی زمانی عەرەبی هەبوون بیانخەمە سەر كاغەز، ئەگەر چی ئەوەی خولیام بوو بینووسم دەربارەی ئەم زمانە گرنگە بریتی نەبوو لەم چەند لاپەڕە كەمە، چونكە نووسین دەربارەی زمانی عەرەبی-نەك بە چەند لاپەڕەیەك- بەڵكو بەچەند كتێبێكیش تەواو نابێت، بەڵام ئەگەر چی بارودۆخم لەچەند ڕوویەكەوە بواری بەدیهاتنی ئەو هیوایەی نەدام، ئەوە ڕێگر نەبوو لەوەی ئەم چەند لاپەڕەیە دەربارەی ئەم بابەتە بنووسم، كەزیاتر شێوازی تێڕوانین و سەرنج و سۆزی وەرگرتووە تاكو ئەوەی نووسینێكی ئەكادیمی نەخشە بۆكێشراو بێت، داواكاریشم لەخوای گەورە ئەو بوارەم بۆ بڕەخسێنی هەڵسم بە دەرخستنی گرنگیەكانی ئەو زمانە كە خوای گەورە پێی ڕازیبوو دوا پەیامی بۆ مرۆڤایەت پێ

دابەزێنێت، واشدەزانم کتێبخانەی کوردی تاکو ئێستا کتێبێکی لەوجۆرەی تێدا نیە، ئەوەش کەمتەرخەمییەکی ئاشکرایە، لێپرسراوێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی موسوڵمانان، چونکە لەزمانی عەرەبیدا سەدان کتێب هەیە لەسەر زمانی عەرەبی و زانستەکانی، نووسەرە عەرەبە موسوڵمانەکانیش لەئەو پەڕی ئامادەباشیدان کە بەرگری بکەن لەو زمانە هەرکاتێك ڕووبەڕووی شالاوێك ببێتەوە، بە پێچەوانەی نووسەرە کوردە موسوڵمانەکان کە زۆر خۆیان تێناگەیەنن لە هەر دەستدرێژی و بێ ڕێزییەك بەرانبەر زمانی عەرەبی بکرێت، سوێند بەخوا پاساوەکانیشیان لەم کارەیاندا لەماڵی جاڵجاڵۆکە لاوازترە، مێژووش زۆر بێ بەزەییە بەرانبەر ئەوانەی کە لە کاتی پێویستدا هەڵوێستی گونجاو نانوێنن... هیوادارم نووسەرە کوردە موسوڵمانەکان بابەتی زۆر بنووسن دەربارەی بایەخدان بە زمانی عەرەبی و، نامیلکەی ئاسان بنووسن بۆ فێربوونی عەرەبی بۆ منالان و گەورەکان، هەروەها هەڵسن بە وەرگێڕانی ئەو گەنجینە زۆرانەی لەو زمانەدا هەیە، بۆئەوەی گەلی کورد بە ئاشکرایی بۆی دەرکەوێت بۆچی خوای گەورە زمانی عەرەبی

هەڵبژاردووە ئەم قورئانە پڕ لە ئیعجازەی خۆی بنێرێتە سەر زەوی، هەروەها ئەوەش دەربخەن کە ئەمڕۆ بارودۆخێکی سیاسی و نێودەوڵەتی لەلایەن ڕۆژئاواوە هەل و مەرجێکی ئەوتۆی درووست کردووە کە زمانی عەرەبی دواکەێت، ئەگینا ئەم زمانانەی ئەمڕۆ بوونەتە زمانی زانست و شارستانیەت بەهیچ شێوەیەك بە یەك لەسەر سەدی زمانی عەرەبیدا ناگەن، بە ئینگلیزی و فەرەنسیشەوە کە وشەکانیان لە سەد هەزار وشە تێناپەڕێت، بەڵام لاوازی عەرەب و موسوڵمانان لەم ڕۆژگارەدا ئەم واقیعەی درووست کردووە.

إحسان برهان الدين

١/١١/٢٠١٠ کەلار

ihsanburhan@yahoo.co.uk

## سەرەتا

ئایا زمانی عەرەبی بۆ ئێمە زمانێکە وەکو هەر زمانێکی تر، ئایا جیاوازی هەیە و، تایبەتمەندی خۆی هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش پێویستە ئەندازەی پەیوەندی بزانین لەنێوان ئاینی ئیسلام بەگشتی و، ئەم زمانە، لەڕاستیدا ئەم زمانە خۆی لەخۆیدا هیچ گرنگی و تایبەتمەندیەکی پیرۆزی نیە بەلامانەوە، بەڵام گرنگی و بایەخی لەوە سەرچاوە دەگرێت کە خوای گەورە لەنێو هەموو زمانەکانی مرۆڤایەتیدا هەڵیبژاردووە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە سەرجەم ئادەمیزادەکان، جگە لەوەش پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) و، هەڵگرە یەکەمەکانی ئایینی ئیسلامیش لە هاوەڵان و شوێنکەوتوانیان بە شێوەیەکی گشتی عەرەب بوونە، هەرچی سەروەتی زانستی ئەم ئایینە پیرۆزەش هەیە هەمووی بەم زمانە پێمان گەیشتووە، تەنانەت ئەو زانا گەورانەی کە لە سەردەمی پاش هاوەڵانەوە کتێبیان نووسیوە و زانستیان بڵاو کردوەتەوە، ئەگەر چی خۆشیان عەرەب نەبووبێتن بەڵام هەر بە عەرەبی

زانستەکانیان خستووەتە سەر کاغەز، ئەمەش واتایەکی گشتیە هەموو زانستەکان دەگرێتەوە وەکو عەقیدەت و فیقھ و سیرە و فەرموودە و...هتد بۆیە خۆشەویستی موسوڵمان بۆ زمانی عەرەبی هیچ پەیوەندیەکی بە خودی زمانەکەوە نیە لەڕووی زمانەوانی و وێژەییەوە، بەڵکو پەیوەندی بە دینەکەوە هەیە، چونکە ئەگەر هەموو دەرگایەك پێویستی بە کلیلێك هەبێت بۆ کردنەوەی، ئەوا کلیلی تێکەیشتن لە ئیسلام کە خۆی لە قورئان و فەرموودە و لێکدانەوەکانیانەوە دەبینێتەوە، بریتیە لە زمانی عەرەبی، هەر بە نمونەیەکی سادەش دەتوانین دەربڕین لەم واتایە بکەین، ئایا کەسێکی شارەزا کە بە جوانی لە ئایەتەکانی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) تێدەگات، وەکو کەسێکە کە لە ئاسانترین وشەکانی قورئان و فەرموودە تێناگات، بێ گومان ئەم دوو کەسە زۆر لە یەکتر جیاوازن، کەسە شارەزاکە ئەگەر لێپرسراوێتی و غیرەتی ئاینی هەبێت، زیاتر دەتوانێت خزمەتی ئایینەکەی بکات لەو کەسەی کە نەك لە زاراوەکانی شەرع و فەرموودە و تەفسیر

تێناگات، بەڵكو ناتوانێت لە ئاسانترین بڕگە و وشەكانی قورئان و فەرموودە تێ بگات.

گومانیشی تێدا نیە كە خوای كاربەجێ هیچ كردارێك ئەنجام نادات بەبێ ئەوەی حیكمەتی تێدا نەبێت، خۆڕاییش نیە كە لە نێوان هەموو زمانەكاندا زمانی عەرەبی هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازی گەیاندنی پەیامی بۆ بەندەكانی.

## ناحەزانی ئیسلام كار دەكەن بۆ لاواز كردنی زمانی عەرەبی

ئا لێرەشەوە دوژمنانی ئەم ئایینە دەركیان بەم ڕاستیە كرد و، زانیان كە كاركردن بۆ لاواز كردنی زمانی عەرەبی هاوواتایە لەگەڵ لاواز بوونی موسوڵمانان لە تێگەیشتنی ئایینەكەیان، یەكەمین تەوژمی بێ باوەڕیش كە ئەم چەكەی دژ بە ئیسلام بەكار هێنا (مصطفى كمال اتاتورك) بوو، لەپاش ڕووخاندنی خیلافەتی عوسمانیەكان، زمانی عەرەبی بەجارێك لە هەموو بەشەكانی ژیان لابرد و، بۆماوەیەكی زۆر مەودای نێوان موسوڵمانان و ئیسلامی دوور خستەوە و، توانی

غەریبیەکی سەخت بۆ ئیسلام درووست بکات لە نێوان ڕۆڵکانیدا لە تورکیا، بەڵام ئەو نەفام بوو بە یاساکانی خوای گەورە لە گەردووندا، نەفامی و گەمژەییشی گەیشتبووە ئەو ئاستەی –وەکو دکتۆر عبدالله عزام ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت– پەنجەی بۆ ئاسمان درێژ دەکرد و هەڕەشەی لەخوای گەورە دەدا، بەڵام ئەو داماوە لە بەرانبەر هێرشی مەرگ نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکات، هەروەها بێ ئاگابوو لەو ڕاستییەی کە خوای گەورە بەرگری لە ئایینی خۆی دەکات، بۆیە لە تورکیا پیاوانی وەکو عەدنان مەندەریس و دواتر سەعیدی نورسی و چەندین کەڵەپیاوی تر دەرکەوتن و توانیان بەشێکی زۆر لەو پلانە نەگریسەی ئەتاتورك پووچەڵ بکەنەوە.

پاش ئەوەی هەموو دیاردەکانی ئیسلام قەدەغە کرابوو، تەنانەت بانگیشیان وەکو سوکایەتییەك بە تورکی دەدا، بەڵام (وَيَمۡكُرُونَ وَيَمۡكُرُ ٱللَّهُۖ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلۡمَٰكِرِينَ ) .

## لە میسریش هەر بەهەمان شێوە

هەمان ئەم چەکە جارێکی تر لە میسر بەکارهێنرایەوە و، کەسانی وەکو ( أحمد لطفي السيد) و (سلامة موسى) و (لويس عوض) و ( طه حسين) و چەندین کینە لەدڵی تر دژ بە ئیسلام ئەتاتورکیان کرد بە پێشەنگی خۆیان و هاتن هەمان ڕۆڵ لە میسر بگێڕن و، دەستیان کرد بە شاڵاوێکی توند دژ بە زمانی عەرەبی، جارێك بە بیانووی ئەوەی ئەم زمانە ناتوانێت لەگەڵ پێویستیەکانی سەردەمدا بگونجێت و، جارێك بە بیانووی لابردنی جووڵەی پیتەکان و لابردنی ئیعراب و، جارێك بە بیانووی ئەوەی کە کارکردن و قسەکردن پێویستە بە لەهجەی (عامي) وڵاتەکان بێت، میسریەکان بە لەهجەی میسری و، جەزائیری و لوبنانی و تونسی و عێراقی هەریەکەو بە لەهجەی خۆیان قسە بکات، ماوەیەکیش بەبیانووی ئەوەی پێویستە هەمان وشە عەرەبیەکان بە عەرەبی بنووسرێت بەڵام بە پیتی لاتینی (قالوا ان البقر تشابه علينا)، ئەم شاڵاوەش بەهەمان شێوە پیاوانێك ژیانی خۆیانیان بۆ تەرخان کرد و، ئەو بیرۆکە

هەر بە ساوایی لەنێو برا و، پاڵەوانانی ئیسلامیش کە ڕوو بەڕووی ئەم پیلانە بوونەوە لە میسر بریتی بوون لە (مصطفى صادق الرافعي) و (عباس محمود العقاد) و (محمود شاكر) و (سيد قطب) و (أنور الجندي) زۆر کەسایەتی تر.

## دژایەتی تا دوا هەناسە

بەڵام چونکە ئەم چەکە بۆ دژایەتی ئیسلام کاریگەرە ناحەزانی ئەم دینە ئامادە نین دەستی لێ هەڵبگرن و لێی سارد ببنەوە، یەك ناوەڕۆکە بەڵام هەموو جارێك بە پۆشاکێکەوە دەردەکەوێت، بەتایبەتی بەهانەی نووسینەوەی عەرەبی یان کوردی بە پیتی لاتینی ئەمە زۆر بەهانەیەکی دڵگیرە و، لەسایەی سیستەمی عەولەمە کە باڵی ڕەشی کێشاوە بەسەر هەموو جیهاندا، هەموو پلانێك کە جاران جێبەجێکردنی گران بوو، ئەمڕۆ ئەنجامدانی کارێکی زۆر سانا و سادەیە، چونکە وەکو دەڵێن دونیا وەکو گوندێکی بچووکی لێهاتووە

## ئەرکی موسوڵمانان چیە لەم بارودۆخەدا؟

کە موسوڵمان دڵنیا بوو لەوەی زمانی عەرەبی کلیلی تێگەیشتنی دینەکەیەتی، کەواتە پێویستە پەیوەندی لەگەڵیدا پەیوەندیەکی پتەو و بەهێز بێت، فریو نەخوات بەو بانگەشە جۆراوجۆرانەی کە دەهۆنرێنەوە لە دژی ئەم زمانە، چەندە ئەوان پشوودرێژ بن لە دژایەتی، ئەمیش پشوودرێژتر بێت لە بەرگری کردن، ئەگینا پلانەکە سەردەگرێت و، نەوەیەك لە داهاتوودا پەیدا دەبێت بێ ئاگا لە بنچینەکانی ئایینەکەی، خۆ ئەگەر موسوڵمانان هەڵنەستن بە ئەرکی سەرشانی خۆیان لەم بارەوە، خۆیان شکست دەخۆن و زیانیان بەردەکەوێت، خوای گەورەش بێنیازە لەوەی کەس هیچ کارێکی بۆ ئەنجام بدات بەڵام تاقیمان دەکاتەوە، بزانە تاکو چەند ڕادەچەڵەکێین ئەگەر دەستدرێژی بکرێتە سەر هێڵە سوورەکانی ئیسلام، ﴿ وَإِن تَتَوَلَّوۡاْ يَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمۡثَٰلَكُم ﴾.

## ڕێگەكان هەموویان دەچنەوە بانە

ئەو كەسەی بە وردی  لەمێژووی دژایەتی كردنی زمانی عەرەبی ئاگەدار بێت، چاك دەزانێت ئەمانەی دەوترێت بەهانەو بیانوون، ئەگینا هیچ پاساوێكی مەنتیقی نیە بۆ دژایەتی كردنی ئەم زمانە، ئەگەر هۆكاری تر نەبێت لەپشتی پەردەوە، لەڕاستیدا ئەم دەستانەی كە كۆشش دەكەن  بۆ لاواز كردن و لابردنی زمانی عەرەبی تەنها مەبەستیان دابڕاندنی موسوڵمانانە لەسەرچاوەی ئایینەكانیان و، تواندنەوەیانە لە شارستانیەتی ڕۆژئاوا كە ڕاگەیاندنەكان شەو و ڕۆژ دهۆڵی بۆ دەكوتن، ئەگینا ئەگەر لە هەموو  پاساوەكان ورد بینەوە، لە كۆن و نوێدا دەبینین بە ڕواڵەت جیاوازن و، لە كۆتاییدا یەك ئامانجیان هەیە ئەویش لاوازكردنی ئیسلامە ( يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٨﴾ ) الصف.

## چەند زانیاریەک دەربارەی زمانی عەرەبی

مرۆڤ دوژمنی ئەو شتەیە کە نایناسێت، یان نایزانێت، ئەوە ڕاستیەکە لەوانەشە ئەوانەی کە ڕقیان لە زمانی عەرەبیە، یان ڕێزێکی تایبەتیان بۆی نیە، هیچ نەبێت لەبەر خاتری قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درووی خوای لێبێت)، لەوانەیە هۆکارەکەی نەشارەزاییان بێت لە گرنگی ئەو زمانە جا با چەن زانیاریەکی گرنگ وەربگرین لەو بارەوە: مامۆستا (أنو الجندي) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت:

زمانی عەرەبی ئەمڕۆ زمانی ژیانە بۆ سەدملیۆن عەرەب و، زمانی هزرە بۆ زیاتر لە هەزار ملیۆن موسوڵمان ، ئینجا زمانێکی دێرینیشە هەزار ساڵ بەر لە هاتنی ئیسلام بوونی هەبووە، (الخليل بن احمد الفراهيدي) لە کتێبی (العين)دا دەفەرموێت:

ژمارەی بونیادی ئاخاوتنی عەرەبی، بە بەکارهێنراو و پشتگوێ خراوەوە (١٢,٣٠٥,٤١٢) وشەیە.

(أبو الحسن الزبيري) دەڵێت:

ژمارەی وشە عەرەبیەکان دەگاتە: (٦,٦٩٩,٤٠٠) واتە: شەش ملیۆن و شەش سەد و نەوەد و نۆ هەزار و چوارسەد وشە، ئەوەی بەکار دێت تەنها (٥٤٢٠) وشەیە و، ئەوانی تر فەرامۆش کراوە.

ئەوەشی سەرسورهێنەرە ئەم زمانە دەوڵەمەندە کە لە هەموو زمانەکانی تر بەهێز ترو پڕ وشە ترە، لەنێو بیاباندا پەیدا بووە، لەلای گەلێکی کۆچەری، ئینجا ئەم زمانە لەلای گەلانی تر نەناسراو بوو، بەڵام دەرکەوتنی یەکسەر بەتەواوی بوو بەبێ هیچ تێپەڕبوونێك بەیاسای پلە پلە بخرێتە ئەوێ، لەچەند سەدەی پێش هاتنی ئیسلام زمانی عەرەبی بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوەی کردبوو لەهەر لایەکی بیابانی سوریا و نجد و حیجاز، لەباکوریشدا هەر ناسراو بوو لەکاتی سەرهەڵدانی ئیسلام.

لەو ڕۆژەشەوە کە قورئان بەم زمانە دابەزی و، بڵاوبوویەوە، توانی هەڵسێ بە لابردنی سریانی و کلدانی و نەبتی و ئارامی و یۆنانی و قیبتی، تەنانەت پێش تێپەڕبوونی

سەدەیەك بەسەر دابەزینیدا، لەسەدەی سێیەمدا زمانەكانی توركی و فارسی و ئۆردی و ئەفغانی و كوردی و مەغۆلی و سودانی و ئیجی و ساحیلی و مەلایۆ هەمووی بە عەرەبی دەنووسرایەوە، دواتریش چووە نێو زمانە ئەوروپیەكان وەكو فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی، تەنها لە زمانی ئینگلیزیدا زیاتر لە هەزار وشەی عەرەبی هەیە.

تاكو ئەمڕۆش فەرهەنگە زمانیەكانی ئەوروپا پڕن لە وشەی عەرەبی لە هەموو بوارێكەوە وەكو پێویستی ڕۆژانە و جل و بەرگ و كەشتیوانی.

لەڕووی زانستیشەوە زمانی عەرەبی لە هەموو زمانەكانی تر دەوڵەمەند ترە، (٤٠٠) ناوی تێدایە بۆ شێر و، (٣٠٠) ناو بۆ شمشێر و، (٢٥٥) ناو بۆ وشتر و، (١٧٠) ناو بۆ ئاو و، (٧٠) ناو بۆ باران.

(جورج سارطون) ئاماژە دەكات بۆ دەوڵەمەندی زمانی عەرەبی لە وشەدا و دەڵێت: گەنجینەكانی وشە لە زمانی عەرەبیدا یەكجار دەوڵەمەندە، پاشان هەر لەو وشانەوە

دەکرێت وشەی تر دەربهێنرێت، بۆ نمونە ئەگەر ڕەگی (س،ل،م) وەربگرین بەم شێوە دەتوانین وشەی لێ دەربهێنین:

(سَلِمَ) واتە: نجا، (سَلَّمَ) واتە: سڵاوی کرد، (سالَمَ) واتە: ئاشتی کرد، ( أسْلَمَ) واتە: ملکەچ بوو، (الاسلام) واتە: ملکەچ بوون بۆ خوای گەورە، (تسلّم) واتە: شتێکی لەدەستی کەسێکی تر وەرگرت، (السلام) واتە: سڵاو، (السِّلْم) واتە: پێچەوانەی جەنگ، (سليم) واتە: تەندرووست، (التسليم) واتە: ڕازی بوون، (الاستلام) واتە: دەست پێوەدانی بەردەڕەشەکە، (مسلم) واتە: موسوڵمان، هەروەها (متسلم، مسالم، سلامة... هتد).

(برو کلمان) دەڵێت: بە فەزڵی قورئانەوە زمانی عەرەبی بە ئەندازەیەك بڵاوبوویەوە کە هیچ زمانێکی تر لەسەر زەویدا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە، موسوڵمانانیش هەموویان باوەڕیان وایە کە زمانی عەرەبی تاکە زمانێکە کە ڕەوایە لە نوێژەکانیاندا بەکاری بهێنن، هەر بۆیە لەدێر زەمانەوە ئەم

زمانە پلەوپایەیەکی هەرە بەرزی بەدەست هێناوە، زیاتر لەهەموو زمانەکانی سەر زەوی.

## قسەیەکی خۆش

ئەگەر بێت بۆ نمونە (إمرؤ القيس) ئەمرۆ زیندوو بێتەوە، دەتوانین قسەی لەگەڵ بکەین و لێمان تێبگات و لێی تێبگەین، لەکاتێکدا پانزە سەدە لەنێوانمانندایە، بەڵام هەموو ئەوروپیەکان ناتوانن یەك وشە حاڵی بن لە یەکێك کە چوار سەدە پێش ئێستا مردووە، چونکە زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی تریش جگە لە زمانی عەرەبی، هەمیشە وشەکانیان دەگۆڕێنت و زیاد و کەم دەکەن، بۆیە لەپاش چەند سەد ساڵێك دەبینی بەتەواوەتی دەگۆڕێت، بەپێچەوانەی زمانی عەرەبی کە زمانێکە جێگیر و نەگۆڕە، ئەگەر یەك ملیۆن ساڵی تریش تەمەنی دونیا درێژ ببێتەوە، وشەکانی ئەو زمانە هەر وەکو خۆیان دەمێننەوە، بێگومان لەمەشدا فەزڵ دەگەڕێتەوە بۆ قورئان.

(ريجستير بلاشير) دەڵێت: ئێمە هەرچەندە لێکۆڵینەوە بکەین لە زمانی فەرەنسی تێبینی ئەوە دەکەین لەگەڵ سەدەکاندا گەشەی کردووە و بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، بۆیە ئەگەر زمانی فەرەنسی لەم ڕۆژگارەدا بەراوورد بکەین لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەبینی بەتەواوی جیاوازیان لەنێوانیاندایە، بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی کە هەموو کەسێك بەئاسانی تێبینی دەکات کە ئەم زمانە لەسەر هەمان بنچینە و بنەماکانی کۆنەوە ماوەتەوە.

## چەند وتەیەکی ڕووناک

عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی:

(تعلموا العربية فأنها من دينكم...) واتە: زمانی عەرەبی فێر بن چونکە ئەوە بەشێکە لە دینەکەتان.

مامۆستا (أنو الجندي) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت:

(ابن تيمية) فەرموویەتی: زمانی عەرەبی بۆ ئیسلام هەر زمانێك نیە و بەس، بەڵکو ئەقڵ و ڕەوشت و ئایینە، بۆیە

دەبینین هیچ موسوڵمانێك یان نا موسوڵمانێك کە بیەوێت حوکمی شەرعی خوا بزانێت لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یەوە، ئەو کارەی پێ ئەنجام نادرێت ئەگەر بە زمانی عەرەبی شارەزا نەبێت، بۆیە موسوڵمانان هەر لە سەرەتاوە لە گرنگی زمانی عەرەبی تێگەیشتن و بەهەموو تواناکانیانەوە بڵاویان کردەوە، لەهەر جیگە و وڵاتێکدا زمانی عەرەبی تێدا بەهێز بووبێت ئایینی تێدا بەهێز بووە چونکە کلیلی تێگەیشتنی ئیسلامە، ئا لێرەشەوە تێدەگەین بۆچی ئیستیعمار هەوڵی ئەوەی داوە کە زمانی عەرەبی لەو جێگایانەدا لاواز بکات کە ئیسلام تێیدا بڵاوەی کردووە، چونکە تێگەیشتنی تەواو لە عەقیدەت و شەریعەتی ئیسلام پەیوەستە بە تایبەتمەندییەکانی زمانی عەرەبیەوە، هەربۆیە موحوممەد عەبدو دەڵێت: چاککردنەوەی زمانمان تاکە هۆکارێکە بۆ چاککردنەوەی ئایینمان، شارەزانەبوونی موسوڵمانیش بە زمانەکەیان هۆکاری تێنەگەیشتنیانە لە قورئان و وتەی پێشینانەکانیان.

ئیمامی شافیعی لە کتێبی (الرسالة) ل٤٨–٤٩ فەرموویەتی: پێویستە لەسەر هەموو موسوڵمانێك بەگوێرەی توانای خۆی فێری زمانی عەرەبی ببێت، تاکو شایەتمان بهێنێت و، قورئان بخوێنێت و، ئەو وێردانە دەرببڕێت کە فەرز کراوە لەسەری و هەروەها شتی شریش، هەرچەندیش لەو زمانەی کە خوای گەورە قورئانی پێ دابەزاندووە شارەزاتر بێت، ئەوەندە بۆ خۆی چاکترە.

(محمد ابو زهرة) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت:

ڕێگەچارەیەك نیە بۆ تێگەیشتنی ئیسلام جگە لە زمانی پاراوی عەرەبی، قورئانیش بە هەمان شێوە، ئەمەش نهێنی لێدانی زمانی عەرەبیە لەلایەن ناحەزانی ئیسلامەوە، بۆئەوەی موسوڵمانان لە قورئان تێنەگەن، قورئان وەکو ئنجیل پەرتەوازە بێت بەڵام ئەوان ئەو ڕاستیە نازانن کە خوای گەورە بەڵێنی داوە قورئانەکەی بپارێزرێت، (إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ)، چونکە زمانی قورئانە و قورئانیش زاڵە بەسەر هەموو کتێبەکانی تری خوای گەورەیە و، ئەوەش واتای ئەوە

دەگەیەنێت کە ئەو زمانەی پێی دابەزیوە زاڵبێت بەسەر زمانەکانی تردا، خوای گەورەش کە ئەم زمانەی هەڵبژاردووە واتە ئەو زمانە شیاوە ببێتە زمانی هەموو مرۆڤایەتی، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِىٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾) الشعراء، خوای گەورە بە وشەی (البيان) وەسفی ئەم زمانەی کردووە و، کەواتە هیچ زمانێکی تر ناتوانێت بگاتە ئەو ئاستە لە دەربڕین و ڕوون کردنەوە، ئەمەش سەربەرزیە بۆ ئەم زمانە کە ئەو تایبەتمەندییەی پێ بەخشراوە وەکو فەرموویەتی: (إِنَّا جَعَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ) الزخرف ٣ ، یان فەرموویەتی: (كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) فصلت ٣، (قُرْءَانًا عَرَبِيًّا غَيْرَ ذِى عِوَجٍ) الزمر ٢٨.

هەروەها (ابن تيمية) فەرموویەتی: (ان اللغة العربية من الدين، و معرفتها فرض واجب، لان فهم الكتاب و السنة فرض، ولا يفهمان الا بالعربية، وما لا يتم الواجب الاّ به فهو واجب)

واتە: زمانی عەرەبی بەشێکە لە ئایین، زانینیشی فەرزەو واجبە، چونکە تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت فەرزە، جگە لە زمانی عەرەبیش ڕێگە چارەی تر نیە بۆ تێگەیشتنمان، هەرچی شتێکیش واجب تەواو نەبێت بەوە نەبێت دەبێتە واجب.

(ابن فارس) دەڵێت:

زانستی زمانەوانی عەرەبی واجبە لەسەر زانایان بۆئەوەی تووشی هەڵە و لادان نەبن لە نووسین و فەتواکانیاندا.

**با سەرنج بدەین**

زانای بەناوبانگ (ابن الجني) کە خۆی ڕۆمی بوو و، بەتەواوی لەو زمانە شارەزابوو، (أبو علي فارسي) کە بەتەواوی لە زمانی فارسی شارەزا بوو، (ابن الأثير) و چەندین زانای تر کە کورد بوون، بەڵکو زۆربەی پێشەوایانی مەزهەبەکان و قیرائاتی عەشرە و، کۆکەرەوانی فەرموودە و، چەندین زانای تریش کە عەرەب نەبوونە بۆچی سەروەتی زانستی گەورەیان

بەزمانی عەرەبی بۆ بەجێهێشتووین؟ لە کاتێکدا کە زمانی فارسی و ڕۆمی لەو سەردەمانەدا گرنگی زۆریان بوو، تەنانەت (ابو الريحان البيروني) دەیووت: (لئن اُشتم بالعربية خير من ان امدح بالفارسية) واتە: "ئەگەر جنێوم پێ بدرێت بە زمانی عەرەبی پێم خۆشترە لەوەی ستایش بکرێم بە زمانی فارسی" بەڵکو شایەتیدان بۆ زمانی عەرەبی لە دوژمنانیشەوە هاتووە، وەکو پێشتر باسی وتەی (ارنست رنيان)مان کرد لە کتێبی (تاريخ اللغات السامية) و زۆرێك لە ڕۆژهەڵات ناسەکان لەو بارەوە قسەیان هەیە.

**پرسیارێک**

نوێژ کە یەکێکە لە گەورەترین عیبادەتەکان، ئایە دەکرێت بە زمانێکی تر جگە لە زمانی عەرەبی ئەنجام بدرێت؟

ئایە دەکرێت واتاکانی وەرگێڕین بۆ زمانی کوردی بۆ نمونە؟

ئایە دەکرێت لە جیاتی (سبحان الله) بڵێین: پاکو پاراوی بۆ خوا و، لە جیاتی (الله أكبر) بڵێین: گەورەیی بۆ خوای

پەروەردگار و، چاوەڕوانی ئەو پاداشتەش بین کە خوای گەورە دیاری کردووە بۆ ئەوانەی یادی خوا دەکەن؟

ئایە ئەگەر قورئان دەقاودەق وەرگێڕینە سەر زمانێکی تر و بیخوێنینەوە هیچ پاداشتێکمان دەست دەکەوێت لەچەشنی ئەوەی بۆ یەك پیتی قورئان دە پاداشتی لەسەرە؟

بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری هاوشێوەی نەخێرە.

## لەم زانیارییە با دڵنیابین

لەسەردەمانی بەهێزیی دەسەڵات و شارستانی ئیسلامی لە ئەندەلوس، ئەوروپیەکان و گەلانی تریش لە هەموو لایەکەوە، دەچوونە زانکۆکانی قورتەبە و زانکۆکانی تری ئەندەلوس، بۆئەوەی بە زمانی عەرەبی بڕوانامە بەدەست بهێنن لە بوارە جیاجیاکانی زانستدا، کوتوموت وەکو چۆن ئەمڕۆ موسوڵمانان هەوڵی ڕۆشتن دەدەن بۆ زانکۆکانی ڕۆژئاوا بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامە، بەڵکو هەر لەو سەردەمانەدا کالاو شتومەکی دەوڵەتی ئیسلام لەهەموو کالایەکی تر خوازراو تر بوو، تەنانەت ولاتەکان

کە دەیانەویست ڕەواج بدەنە پیشەسازییەکانیان، مۆری ساختەیان درووست دەکرد و دەیاندا لە کالکانان، بۆیە دەبینین پێشینانی چاکی ئەم ئوممەتە بە ئەوپەڕی توانایانەوە خزمەتی زمانی عەرەبییان دەکرد و زۆریان خۆش دەویست، ژیانی خۆیانیان بەسەر دەبرد لەپێناو خزمەت کردنی و دانانی بنچینەکانی لەڕووی (نحو) و (صرف)، تاکو گەیاندیانە ئەم ئاستە لە ڕێکوپێکی... بەڵام ئێمەی موسوڵمانانی ئەم سەردەمە بەئەوپەڕی لاوازی و سستی لەگەڵ ئەم مەسەلە گرنگە مامەڵە دەکەین: (فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ ...).

## ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر زمانی عەرەبی

خزمەتکردنی زمانی عەرەبی ئەگەر بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆش بێت خزمەتکردنە بە قورئان، سەلەفی ئەم ئوممەتەش وەکو زانیمان بەهەموو توانا و ماڵ و وزەیەکەوە خزمەتی ئەم زمانەیان کردووە، ئێمەش ئەرکی سەرشانمانە خۆمان لەم زمانە شارەزا بکەین، مناڵەکانمانی پێ ئاشنا بکەین و، ڕێگە نەدەین–هەریەکە و لەلای خۆیەوە– نەوەیەك

درووست ببێت هیچ لە زمانی عەرەبی نەزانێت، چونکە بەواتایەکی تر ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ لە ئایینی ئیسلام نەزانێت، هەروەها چاکترە بۆمان هەرچی زانیاریەکانمان سەبارەت بە تێگەیشتنمان لەئیسلام لەسەرچاوە عەرەبیەکانەوە وەربگرین بەگوێرەی توانا، چونکە هەرگیز واتای وەرگێڕدراو تامی واتا ڕەسەنەکەی تێدا نامێنێتەوە، پێویستە ئەوە ڕێگە چارەیەك بێت بۆ ئەوانەی کە شارەزا نین لە زمانی عەرەبی، یان توانای فێربوونی باشیان نیە بۆی، یان هیچ نەبێت تایبەت بێت بۆ زانیارییە لاوەکیەکان.

## بیرەوەریەکی شیرین

پێش سیانزە ساڵ لەمەوپێش لەشاری (قشم) لە ئێران، قەدەری خوای گەورە ناساندمی بە پیاوێکی خواناس و کەم وێنە لەم ڕۆژگارەدا، بە سۆزێکی زۆرەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردم و، بە فەزڵ و چاکەی زۆری داپۆشیبووم، هۆکاری خۆشەویستیشی بۆ من تەنها لەبەر خوا بوو، کە دەیبینیم شارەزاییەکم لە زانستە ئیسلامیەکاندا هەیە و، هەمیشە

پرسیاری شەرعی لێدەکردم و، دەیووت تۆ سۆزو بەزەیی خوای گەورەی بۆ من کە بەم شێوە ئایینم فێر دەکەیت، ماڵی خۆی بۆ کردبوومەوە و هەموو پێویستیەکی لەو غەریبییەدا بۆ دابین دەکردم، جا یەکێك لە خەم و خولیاکانی ئەو پیاوە ئەوە بوو کوڕە تاقانەکەی کە تەمەنی نزیکەی شەش ساڵ دەبوو فێری عەرەبی ببێت، بۆ ئەو ئامانجەش ئومێدی بە من بوو ئەو کوڕە فێری عەرەبی و قورئان و فەرموودە بکەم، بەڵام بارودۆخی ژیان بواری نەدام بەردەوام ببین پێکەوە و، من گەڕامەوە بۆ کوردستان و، تاکو ماوم فرمێسکەکانی (حاجي عبد الرحمن) لەیاد ناکەم لەو کاتەی خواحافیزیمان لەیەك دەکرد، مەبەستیشم لەگێرانەوەی ئەم یادەوەریە ئەوەیە کەسێکی وا کە عەرەب نەبوو، خۆیشی لە وڵاتێکدا دەژیا کە زمانی عەرەبی تێدا نامۆیە، بەڵام دەرکی بەوە کردبوو کە زمانی عەرەبی چەندە گرنگە و، چەند ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە تێگەیشتنی ئیسلام. جا ئێمە لەپێشترین لەو پیاوە کە خەمی خۆمان و منداڵەکانمان لە دڵدا بێت سەبارەت بە فێربوونی زمانی عەرەبی.

## بەراوردێک

ئەگەر دوو مامۆستای ئایینیت بینی، یەکێکیان لە زمانی عەرەبی بەهێز بوو، لەڕووی (نحو) و (صرف) و (بلاغة) و (بيان) و، توانای نووسین وتێگەیشتن، یەکێکیشیان لە زمانی عەرەبی کلۆڵ بوو، لەو زانستانەی کە باسمان کرد هەروەها لە نووسین و توانای تێگەیشتن، بەدەر لە ڕواڵەت و ناوبانگ و قسەی خۆش و...هتد بەدەر لە هەموو ئەوانە گومانت لەوە نەبێت مامۆستای یەکەمیان شیاو ترە زانستی لێ وەرگریت و ئایینی لێ فێربیت، چونکە کلیلی ئەو دەرگایەی لایە کە تۆ مەبەستتە لێی بچیتە ژوورەوە، بەڵام ئەوەی تر شایەنی ئەوەیە بەزەییت پێدابێتەوە، من ناڵێم کوردوەتەنی قول و فول لەیەك ناکاتەوە، بەڵام زانستگەلێکی وەکو فیقه و ئوصولی فیقه و خوێندنەوەی قورئان و فەرموودەکان و چەندین زانستی تر بە لێزانینێکی سادە و ناتەواو بەدەست ناهێنرێت، بەڵکو پێویستی بە کەسێکە چێژ لە زمانی عەرەبی وەربگرێت و بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکان بۆ نمونە وەکو (لسان العرب) و

(جمع الجوامع) (کتاب الفروق) و تەنانەت زۆرێك لە دیوانی شیعر و وێژە و شێوازەکانی دەربڕین لە زمانی عەرەبی.

## ئایا بایەخ نەدەین بە زمانی کوردی؟

بێگومان گرنگیدان بە زمانی عەرەبی و لێهاتوویی تێیدا ئەوە ناکەیەنێت واز لە زمانی خۆمان بهێنین و قسەی پێ نەکەین، کوردی زمانی شیریمانە و ئامرازی بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی ڕۆژانە و بەدەست هێنانی ڕۆشنبیریە لە بوارەکانی زانستدا بە زانستی ئایینیشەوە، بزوتنەوەی وەرگێڕانی کتێبە ئایینی و سەرچاوە زانستی و شەرعیەکانیش کارێکی پیرۆزە و، پێویستە هان بدرێت و کاری بۆ بکرێت، ئەوەش بەهەوڵی بێ وچانی کەسانی شارەزا دەبێت لە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، من بەخۆشم وەکو نووسەری ئەم بابەتە هەڵساوم بە وەرگێڕانی چەندین کتێب و سەرچاوەی ئیسلامی وەکو ژیاننامەی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) و هەزاران فەرموودەی صەحیح لە کتێبی ( الجامع الصغیر) و کۆمەڵێکی تر لە کتێبی جۆراوجۆر کە بەرژەوەندی موسوڵمانانم

لە وەرگێڕانیاندا بینیوە، ئەمەش کارێکی ناکۆك نیە لەگەڵ بایەخدان بە زمانی عەرەبی کە زمانی ئایینمانە و هەڵبژێردراوی پەروەرگارمانە بۆ گەیاندنی قورئانەکەی بە مرۆڤەکان.

## کێن ئەوانەی ڕقیان لە زمانی عەرەبیە؟

**دوو جۆر خەڵکی ڕقیان لە زمانی عەرەبیە و چاویان لە ئاستی هەڵنایە:**

یەکەم: کەسانێك کە لە بنچینەدا کێشەیان لە گەڵ ئایینی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی و قورئانەکەی هەیە ، بێگومان ئەم جۆرە کەسانە ئاساییە ڕقیان لە زمانی عەرەبی بێت، چونکە درووشمی ئیسلامە و زمانی قورئانە و قسەپێکراوی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) و هاوەڵانە، ئەم جۆرەش لەنێوان خۆیاندا بۆ چەند جۆرێك پۆلێن دەکرێن و، بەهانە و پاساوەکانیشیان بەهەمان شێوە دابەش دەبێتە چەند جۆرێکەوە، کە ئەمە جێگەی شیکردنەوەیان نیە، بەڵام بەگشتی نەك هەر زمانی عەرەبی؛ بەڵکو ڕقیان لە هەموو

شتێکە پەیوەندی بە عەرەبەوە هەبێت، تەنانەت ڕقیان لە حوشتر و دارخورمایشە!.

دووەم: کەسانێك کە خۆیان موسوڵمانن و لەوانەشە هەڵسن بە ئەنجامدانی هەموو عیبادەتەکان، بەڵام ئەمانیش بە بیانووی ترەوە ڕقیان لە زمانی عەرەبیە و دژایەتیشی دەکەن، بەگشتی ئەم جۆرە کەسانە بە باشی لە ئیسلام حاڵی نەبوونە و، نەفامیان تێدایە، بیانووەکەشیان پەیوەندی هەیە بە هەڵوێستێکی سیاسی یەوە کە ئەویش بریتیە لەو زۆر ستەمەی کە (صدام حسین) دەیکرد لە گەلی کورد، ئەم دوو مەسەلەیە لە زەینی ئەواندا بەیەکترەوە بەستراون و، مادام (صدام) سەرۆکێکی خراپ بوو، یان لەدژی کورد ستەمکار بوو، عەرەبیش بوو بەعەرەبی قسەی دەکرد، عەرەبەکانیش زۆربەیان بەعسی بوون، کەواتە زمانی عەرەبیش شایانی دژایەتی کردنە! بێگومان ئەمەش هەڵە و لێتێکچوونە، ئەگینا چی پەیوەندیەك لە نێوان سەدام و زمانی عەرەبیدا هەیە، تەنانەت لەگەڵ عەرەبیشدا، من بەخۆم تێڕوانینم بۆ عەرەب

ئەوەیە نەتەوەیەکن وەکو هەر نەتەوەیەکی تر، باشیان تێدایە و خراپیان تێدایە، لە بەرانبەر دەقە شەرعییەکانیشدا حاڵیان حاڵی ئێمەیە و، بە ئەو کەسەشەوە کە بە ڕچەڵەك دەگەڕێتەوە سەر پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بەڵام ئەو کەسەی بۆچوونی وابێت لەوانەیە بوترێت کوردایەتییەکەی لاوازە! ئەگینا زۆرێك لەم دوو جۆرەی باسمان کرد دەڵێن: خراپی کورد لەباشی عەرەب چاکترە، ئەمەش لەڕاستیدا پێوەرێکی نادادگەرانەیە، چونکە چاك ئەو کەسەیە کە خوا و پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بە چاکی بزانن، خراپیش ئەو کەسەیە کە خوا و پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) بە خراپی بزانن، هەموانیش لەژێر حوکمی ئەم ئایەتەدان بەبێ جیاوازی ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ﴾.

## پوختەیەک لە تایبەتمەندیەکانی ئەم زمانە

١. کۆنترین زمانە لەنێو زمانە سامیەکاندا، چونکە هەزار ساڵ پێش هاتنی ئیسلام قسەی پێ کراوە.

٢. قورئانی پیرۆز بەو زمانە دابەزیوە.

٣. دیاردەی (إعراب)ی تێدایە، واتە: جووڵەی سەروژێر و بۆری پیتەکان کە لە هیچ زمانێکی تردا نیە.

٤. گونجانی پیتەکان لەگەڵ واتاکانیدا.

٥. هەموو پیتێك مەخرەجی تایبەتی خۆی هەیە واتە: جێگەی دەرچوونی پیتەکان.

٦. فراوانی دەربڕینی.

٧. فراوانی وشە و پێکهێانی.

٨. توانای ئەوەی هەیە وشەی تر لە زمانەکانی ترەوە بکاتە عەرەبی بەهەندێ مەرجی دیاری کراو.

٩. تایبەتمەندی (ترادف) واتە: زیاتر لە وشەیەك دەربڕین لەیەك واتا بکەن، (الاضداد) واتە: وشە دژیەکەکان، (المشترك اللفظي) واتە: وشەیەکە چەند واتایە دەگرێتەوە.

١٠. چڕی داڕشتنەکانی و زۆری هاوکێشەکانی.

١١. دیاردەی (المجاز) و (الاستعارة) و (الجناس) و (الطباق) و هونەرەکانی تری بەلاغە.

١٢. توانای دەرهێنان و داهێنانی وشەی نوێ کە پێشتر بەکار نەهاتووە.

## سەرجەم گەورە زانایانی ئیسلام لە زمانی عەرەبیدا پسپۆڕن

لە ڕاستیدا ئەگەر بێت و گەشتێك بکەین لەدرێژایی مێژووی ئیسلامدا، دەبینین هەموو زانا گەورەکان، بەوانەشەوە کە بە ڕەگەز عەرەب نەبوونە، زانا بوونە لە زمانی عەرەبیدا، واتە زاڵبوونە بەسەر هەموو زانستە پەیوەندیدارەکان بە زمانی عەرەبییەوە وەکو (نحو، صرف، بلاغة...).

بۆنمونە (ابو عمرو بن العلاء) و (ابو علي الكسائي) دوو زانان لە داهێنەرانی قوتابخانەی نەحوی لە کوفە و بەصرە، توێژەری شارەزا و خوێنەری زیرەکیش دەزانن ئەو دوو ناوە چەند قورساییان هەیە لە زانستی (نحو)، هاوکات ئەو دوو زانایە لە نێو حەوت خوێنەرە گەورەکانی قورئانی پیرۆزن (أئمة القراءات السبعة) کە ئوممەتی ئیسلام یەکدەنگی لەسەر پێشەواییان هەیە، ئەمە وەکو نمونە دەیلێم بەلام ئەگەر بمانەوێت ئەژماری ناوی ئەو زانایانە بکەین کە لە هەردوو بوارەکەدا پسپۆر بوونە، بێگومان ئەو کارە گەورە بە چەندین جلدی گەورە تەواو نابێت، خوێنەری بەڕێزیش دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ کتێبی زانای پایەبەرز (جلال الدين السيوطي) (بغية الوعاة في طبقات اللغويين والنحاة) کە هەر خۆیشی سەرباری ئەوەی دانەری سەدان کتێبە لە بوارە جیاجیاکانی زانستی ئیسلامدا، هەروەها چەندین سەرچاوەی گرنگی لە زمانی عەرەبیدا داناوە وەکو: (الاشباه و النظائر) و (جمع الجوامع و همع الهوامع).

## مەلای دوانزە عیلم

ئەمە زاراوەیەکە هەر لە دێر زەمانەوە بۆ مامۆستایانی ئاینی بەکار هێنراوە، لەوانەشە زۆر کەس نەزانن ئەو زانستانە زۆرێکیان-ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ-پەیوەندیان بە زمانی عەرەبییەوە هەیە، فەقێ لە قوناغی فەقێتیدا دەبوایە زانستەکانی زمانی عەرەبی بە باشی وەربگرتایە بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستایەکی کارامە، جا کاتێك تەماشای ئەو دوانزە عیلمە دەکەین بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندیان چەند زۆرە بە زمانی عەرەبییەوە، ئەمەش زانستەکانە: (تجويد، حديث، مصطلح الحديث، علم التفسير، العقيدة، النحو، الصرف، المنطق، البلاغة، السيرة، الفقه، أصول الفقه).

## زانایانی کوردیش بەهەمان شێوە

بەڵام زیاتر مەبەستمان لە زانا دێرینەکانە، لەڕاستیشدا، نەك هەر لە زانستەکانی (نحو، صرف، بلاغة، بديع...) شارەزابوون بەباشی، بەڵکو لە هۆنراوەو، زانستی (عَروض)یش بەهەمان شێوە، وەکو دەبینین مامۆستا (معروف النودهي)

کتێبێکی دەربارەی زانستی (عَروض) بە هۆنراوە نووسیوە، ئەگەر لە زانا دێرینەکانیشدا تەماشای نووسینەکانی کاك ئەحمەدی شێخ و، لە تازەکاندا تەماشای نووسینەکانی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس بکەین ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت.

بەڵام ئەمەی کە لەم ڕۆژگارەدا دەیبینین، کە هەندێ لە مامۆستایانی ئایینی و، وتارخوێن و، پێش نوێژی مزگەوتەکان بەم شێوە لاوازن لە زمانی عەرەبی، ئەوە حاڵەتێکی نامۆیە و شوێنەواری خراپیشی لێدەکەوێتەوە ئەگەر تاکو بێت زیاد بکات، چونکە نۆبەرەی بەرهەمە خراپەکانی ئەوەیە کە قورئانیش–بەڵکو جاری واش هەیە سورەتی (الفاتحة)ش–بە ڕەوانی نازانن بخوێننەوە.

**ڕەحمەتی خوا لە (حافظ ابراهیم)**

لە گەرمەی دژایەتی کردنی زمانی عەرەبی لە میسر، لەوکاتە بە بەهانە و پاساوی جۆراوجۆرەوە، دەیانەویست زمانی عەرەبی پاراو لە واقیعی ژیان هەڵبگرن و، کەسانێکی

بەزمان و ڕواڵەت عەرەب و، بەدڵ و ناوەڕۆك ڕۆژئاوایی، خۆیان کردبوو بە ئەڵقەلەگوێی (ویلککس) و (دنلوب) و دوژمنانی تری ئیسلام و، بانگەشەیان دەکرد بۆئەوەی بەهەموو شێوەیەك پێویستە میسر و وڵاتە عەرەبیەکان پشت هەڵکەن لە زمان و ڕۆشنبیری عەرەبی (مەبەستیان ڕۆشنبیری ئیسلامیە) بۆئەوەی بگەن بە کاروانی ڕۆژئاواییەماندا... جا لەوکاتەدا شاعیری گەورەی میسر (حافظ ابراهیم) هۆنراوەیەکی لەسەر زاری زمانی عەرەبی نووسی، کەتێیدا ئەم زمانە گلەیی لە هەڵگرانی دەکات و باسی هەندێ لەو گەوهەرانە دەکات کە لە بنی دەریاکەیدان...(حافظ) دەڵێت:

رجعت لنفسي فاتهمت حَصاتـــــي

وناديت قومي فاحتسبت حياتــي

رموني بعُقم في الشباب وليتنـــــي

عقمت فلم أجزع لقول عُداتـــــي

وَلَدتُ ولما لم أجد لعـــرائـــــسي

رجالاً وأكفاءً وأدتُ بناتـــــــــي

وسـعتُ كـتـاب الله لفظا وغـــايـــة

وما ضقت عن آي به و عظــــــات

فكيف أضيق اليوم عن وصف آلــة

وتنسيق أسماء لمخترعــــــــات

انا البحر في احشانه الدر كامــــــنٌ

فهل سألوا الغواص عن صدفــات

فيا ويحكم أبلى و تبلى محاسنــي

ومنكم وأن عز الدواء أُساتــــــــي

فلا تكلــونــي للزمـــان فإننـــــي

أخاف عليكم ان تحين وفاتـــي

أرى لرجال الغرب عزا و منعــــــة

وكم عزَّ أقوامٌ بعز لغــــــــات

اتو اهلهـــــم بالمعجــزات تفنـــنـــا

فيا ليتكم تأتون بالكلمـــــــات

أيطربكم من جانب الغرب ناعـــــبٌ

ينادي بوادي في ربيع حياتــــي

ئەگەریش سەرسام دەبیت–ئەی خوێنەری ئازیز–لەوە سەرسامبە زۆرێك لە قوتابیان ئەم هۆنراوەیان لەبەر کردووە بەڵام نازانن واتاکانی چی دەگەیەنن!.

## کتێبێکی گرنگ بۆ ناسینی زمانی عەرەبی

بێ گومان بۆ کەسی شارەزا قورئان و هەموو فەرموودە و شیعر و وێژەی عەرەب و فەرهەنگەکان و تەنانەت چیرۆك و ڕۆمانەکانیش گۆڕەپانێکی چاکن بۆ زیاتر شارەزابوون لە دەریای بەربڵاوی زمانی عەرەبی، بەڵام من لەم چەند لاپەڕەیەدا، ئاماژە بۆ کتێبێکی گرنگ دەکەم کەباس لە سەدان زانیاری گرنگ دەکات سەبارەت بە زمانی عەرەبی، واشنازم کتێبێکی تر بەو وردییە باسی لە هەموو مەسەلە پەیوەندیدارەکان کردبێت بەم زمانەوە، ئەوەندەی کە (جلال الدين السيوطي) لە کتێبی ( المزهر في علوم اللغة و انواعها) باسەکانی شیکردووەتەوە، لەڕاستیدا (سیوطي) لەو کتێبەیدا وەکو مەلەوانێکی هەناسە درێژە، چووبێتە بنی دەریای زمانی عەرەبییەوە و، جۆرەها مرواری و شتی ناوازە و جوانی دەرهێنابێت سەیریش نیە کە (السيوطي) کتێبێکی بەو شێوە بەپێز دەربارەی زمانی عەرەبی بنووسێت، چونکە زۆربەی

کتێبەکان کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی پێنج سەد کتێب و زیاتر لە سەد کتێبیان چاپ کراون.

## ئیسماعیل (علیه السلام) باوکی هەموو عەرەبە

**مێژوو نووسان عەرەب دەکەن بە دوو بەشەوە:**

**بەشی یەکەم:** عەرەبە لەنێوچووەکان (العرب البائدة) کە هیچ شوێنەوار و هەواڵێکی ئەوانمان پێ نەگەیشتووە، ئەوەندە نەبێت کە لە قورئاندا باسیان هاتووە وەکو بەسەرهاتەکانی (عاد) و (ثمود)، بەناوبانگ ترین هۆزەکانی ئەو بریتی بوون لە (عاد، ثمود، طسم، جدیس، جرهم الاول).

**بەشی دووەم:** عەرەبە ڕەسەنەکان (العرب العاربة) ئەوانەش بریتی بوون لە نەوەی قەحتان و، شوێنی جێگیر بوونیان وڵاتی یەمەن بوو، بەناوبانگ ترین هۆزەکانیان (جرهم ، یعرب)ە، لە یەعروبیشەوە هۆز و تیرەکانی عەرەب بەگشتی پەیدابوون.

بەشێکی تری عەرەب هەیە بە (العرب المستعربة) دەناسرێن، هۆکاری ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئیسماعیل (علیه السلام) بە عیبرانی یان سریانی قسەی دەکرد، بەڵام کاتێك هۆزی جورهوم لە قەحتانیەکان هاتنە مەککە و، لەگەڵ ئیسماعیل و دایکی لەو ناوچەیە جێگیر بوون، ئیسماعیل (علیه السلام) ژنی لەو هۆزە هێنا و، خۆی و کوڕەکانی فێری زمانی عەرەبی بوون، بۆیە ناونران بە (العرب المستعربة) کە لە ڕاستیدا ئەوانە بریتین لەزۆرینەی عەرەب لەناوەڕاستی دوورگەی عەرەب و حیجاز تا دەگاتە دەشتی شام جێگیر بوون، کە دواتریش لەگەڵ هۆزەکانی تری عەرەبدا تێکەڵ بوون لەپاش هەرەس هێنانی بەنداوی (العرم).

بەکورتی ئەوەی کە لە کتێبی مێژوو نووسەکاندا دەربارەی ئیسماعیل (علیه السلام) هاتووە ئەوەیە:

ئیبراهیم (علیه السلام) بەهاوڕێتی ئیسماعیل و هاجەر کۆچی کرد بەرەو مەککە، لەوێ ئیسماعیل و دایکی نیشتەجێ بوون لەگەڵ هۆزی (جرهم) لە نەوەی قەحتان و، جا چونکە

ئەوان زمانیان عەرەبی بوو، ئیسماعیلیش (علیه السلام) فێری ئەو زمانە بوو، دواتریش ژنی لێ خواستن و، دوانزە کوڕی بوو، کە زۆربەی عەرەب لەو کوڕانە بڵاوەیان کرد، هەربۆیە هەندێ لە مێژوو نووسان دەڵێن: ئیسماعیل (علیه السلام) باوکی هەموو عەرەبە.

(ابن هشام) لە کتێبە بەناوبانگەیدا دەڵێت:

ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم (علیهما السلام) دوانزە کوڕی بوو ( نابتا، قیذرا، أبذل، مبشا، مسمعا، ماشی، دما، آذر، طیما، یطور، نبش، قیذما) دایکیشیان ناوی (رعلة) بوو دەگێرنەوە ئیسماعیل (١٣٠) ساڵ تەمەنی کردووە، لە حیجری کەعبەدا لەگەڵ دایکی نێژراوە.

## کۆتاییی

ئەمە بوو چەند لاپەڕەیەکی بەپەلە، بە پێنووسی کەمتەرخەمی نووسیم و دەیکەمە دیاری بۆ براو خوشکە کۆردەکانم لە هەر لایەك هەن، بەشداریەکی بچووکە لە بانگەوازی ئیسلامیدا، تەنها وشەیەکیش لەبەر خوا بوترێت

ئومێد ئەکەم بە زایە نەچێت و، خاوەنەکەی لە دونیاو قیامەتدا لێی بەهرەمەند بێت، مەخابن ئەم سەردەمەی خۆیشمان سەردەمی تێکچوونی چەمك و شێواندنی واتاکانە، زۆر هەوڵ دەدرێـت خۆڵت پێ بفرۆشن بە نرخی زێڕ و، زێڕت لێبکڕن بە نرخی خۆڵ، مانگە دەستکردەکانیش لە بیست و چوار سەعاتی شەو و ڕۆژدا خەشم و قینی پەروەردگار دەوروژێنن و، خراپە و بەدڕەوشتی و سەرباری ئەوەش شێواندنی چەمك و واتاکان دەبارێنن، بۆیە لەم سەروبەندەدا وشەی چاکە و، وتنی ڕاستی و، ڕاست کردنەوەی چەمکەکان، کارێکی پێویستە و ئەرکێکی پیرۆزە ئەنجام بدرێت.

وصل الله وسلم وبارك على سيدنا محمد و على آله وصحبه وتابعي منواله.

## سەرچاوەکان

- الاسلام و قصة العامية / ابراهيم النعمة.
- دراسات اسلامية معاصرة / انور الجندي / المكتبة العصرية.
- تاريخ اللغات السامية / ولفنستون / دار القلم.
- تاريخ الاسلام السياسي و الديني و الثقافي و الأجتماعي / حسن ابراهيم حسن / مكتبة النهضة المصرية.
- المزهر في اللغة و انواعها / السيوطي / المكتبة العصرية.
- السيرة النبوية / ابن هشام / دار الفكر.
- اللغة العربية والتحديات / احمد صقر.
- هەروەها سوودم وەرگرتووە لە چەندین سەرچاوە لە ئینتەرنێت.